# ڤاکسینەکان یان کوتان دژی نەخۆشیەکان

له وڵاتی فنلەندا بەرنامەی نیشتیمانی هەیە بۆ کوتان دژی نەخۆشیەکان. ئامانجی ئەم بەرنامەیە ئەوەیە کەبە باشترین شێوە خەڵکی بپارێزێت لەو نەخۆشیانەی کە دەتوانرێت لە ڕێگەی کوتانەوە ڕێگە لە توش بونیان بگیرێت. لە سایەی کوتانەوە (ڤاکسین)، زۆر لە نەخۆشیەکان لەم وڵاتەدا بون بە حاڵەتێکی دەگمەن یان هەر بە تەواوەتی لەناوچون.

لە مەڵبەندی چاودێری مندالاندا(نێوڤۆلە) کوتان دەدرێت دژی ئەم نەخۆشیانە( ڤایرۆسی ڕۆتا واتە ڤایرۆسی سك چون، هەوکردنی پەردەی دەماخ، هەوکردنی سیەکان، ژەهراوی بونی خوێن، دەردەکۆپان، تیتانوس، کۆکەڕەشە، ئیفلیجی مناڵ، هەوکردنی قوڕگ، سورێژە، ملەخڕێ یان نیکاف، سورێژەی ئەڵمانی).

منداڵان لەم تەمەنانەدا لە مەڵبەندی چاودێری کوتانیان پێ دەدرێت( دومانگی، سێ مانگی، پێنج مانگی، دوانزە مانگی،١٤- ١٨ مانگی، چوار ساڵی هەروەها شەش ساڵی). هەر کەسێك کە پێشتر کوتانی وەرنەگرتبێت  یاخود ئەگەر نەزانێت چ جۆرە کوتانێکی وەرگرتوە، ئەوا هەرکەسێک بە پێی بەرنامەیەکی تایبەت بە خۆی کوتانی پێ دەدرێت. بۆ زانیاری زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە پەرستاری سەر بە (نێوڤۆلە) بەشی چاودێری منداڵانو دایکانەوە. کوتان وەرگرتن کارێکی ئارەزومەندانەیە و بە خۆڕاییە.

Elinkeino-, liikenne- ja
ympäristökeskus

TAMPERE

تێکست: تویيا ڤۆڵلێ/ پرۆژەی (ماکۆ) (MAKO)ت
وێنەکان: ساننی  وێکمان / تامك (TAMK)
وەرگێران: ناوەندی وەرگێرانی پیرکانما

هەروەها پشکنین لە لایەن پزیشکەوە لە هەمو ماوەی سك پڕی دا دو یان سێ جار دەبێت.

لە سەردانی کردنی بەشی چاودێری( نێوڤۆڵە)دا چاودێری باری تەندروستی دایك و کۆرپەلەکەی دەکرێت لە ڕێگەی پشکنینی جۆراو جۆرەوە. لە سەرەتای ماوەی سك پڕی دا پشکنینی خوێن دەکرێت بۆ ئافرەتی دوگیان کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ئەگەری بونی یان نەبونی نەخۆشی درم بزانرێت و هەروەها گروپی خوێنی دایکەکەش دەزانرێت. لە کاتی سك پڕی دا دو جار بواری ئەوە هەیە کە پشکنینی منداڵدان بۆ دایکەکە بکرێت لە ڕێگەی دەزگای سۆنەرەوە( دەزگای شەپۆلی سەرو دەنگ).
لە ماوەی سك پڕیدا فشاری خوێنی دایکەکە لە گەڵ کێشی دەپێورێت. هەروەها لە هەمو سەردانێکدا پشکنین دەکرێت بۆ دایکەکە بۆ زانینی ڕێژەی پرۆتین و شەکر لە میزەکەیدا. دەوانرێت گوێ لە دەنگی دڵی کۆرپەلە بگیرێت لە دوای هەفتەی چواردەهەمی (١٤) سك پڕیەوە. هەروەها لە هەفتەی (٢٠) هەم بەدواوە لە هەمو سەردانێکدا چاودێری گەورەبونی منداڵدان دەکرێت لە ڕێگەی پێوانی قەبارەی سکەوە لە ڕوی دەرەوە.

## کاری مەڵبەندی چاودێری منداڵان (نێوڤۆڵەی منداڵان)

مەڵبەندەکانی چاودێری منداڵان خزمەت بە منداڵان لە قۆناغی پێش چونیان بۆ قوتابخانە و خێزانەکانیان دەکات. لە بەشی چاودێری مندالان (نێوڤۆڵە) ، هەوڵ دەدرێت بەپێ ی توانا باشترین باری تەندروستی بۆ هەمو منداڵێك و باش گوزەرانی بۆ تەواوی خێزانەکەی دابین بکرێت.

لە سەرەتای شەش مانگی یەکەمی تەمەنی منداڵەکەدا، مانگی یەك جار سەردانی بەشی چاودێری منداڵان( نێوڤۆڵە) دەکرێت. لە دوای ئەمەوە ماوەی هەر ٢-٦ مانگ جارێك. لە هەمو سەردانێکدا خێزانەکە چاوی بە پەرستار دەکەوێت هەروەها بەگشتیش لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵەکەدا ٤ چوار جار سەردانی پزیشك دەکات. لە تەمەنی ٢- ٦ ساڵی منداڵەکەدا، دایك و باوك ساڵانە خۆی کات دەگرێت بۆ مندالەکەی بۆ ئەوەی پشکنینی بۆ بکرێت لە مەڵبەندی چاودێری مندالان(نێوڤۆڵە).

کاری سەرەکی بەشی چاودێری منداڵان ئەوەیە کە چاودێری گەشەکردنی مندالەکە بکات لە ڕوی جەستەیی، دەرونی هەروەها گەشەکردنی لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوەو کۆمەك کردنی لەم ڕوانەوەو دەستنیشان کردنی هەر حاڵەتێکی نائاسایی لە پێش وەختدا.
لە (نێوڤۆڵە) واتە بەشی چاودێری منداڵان چاودێری تەندروستی منداڵ دەکرێت بە پشکنینی لەم ڕووانەوە( کێش، درێژی، قەبارەی سەری، توانای بینین و بیستن و چاودێری بەرەو پێش چونی توانای قسەکردنی).

# کاری خۆپاراستن و بەرگرتن لە نەخۆشیەکان لە مەڵبەندەکانی چاودێری دایکان و مندالان(نێوڤۆڵە)

مەبەست لە کاری خۆپاراستنی پێش وەخت سەر بە چاودێری تەندروستی ئەوەیە کە بە هۆیەوە هەوڵ دەدرێت بە پێی توانا لەزوترین کاتدا دەرك بە ئەگەری توشبونی زۆر لە نەخۆشیە جیاجیاکان بکرێت و هەر بەو شێوەیەش ڕێ لە توش بونیان بگیرێت و هەمان شتیش بەرامبەر ڕەفتارو خوی ناتەندروست و زیانبەخش. لە بەشی چاودێری دایکان و منداڵان (نێوڤۆڵە)، دایکان و باوکان زانیاری وردەگرن دەربارەی خزمەتگوزاریە جیا جیاکان کە کۆمەڵگا پێشکەش بە هاوڵاتیانی دەکات، لەوانەش بۆ نمونە( کۆمەکی دایکانە و کاری خێزانی). سەردان کردنی بەشی چاودێری تەندروستی دایکان و منداڵان بەخۆڕایی یە.

لەبەشی چاودێری دایکان و منداڵان( نێوڤۆڵە) چاودێری و بەدواداچون دەکرێت بۆ تەندروستی دایکی دوگیان و منداڵەکەی. هەوڵ دەدریت بۆ بەرەوپێش بردنی چۆنیەتی فێربون و پیادەکردنی شێوازو نەریتی ژیانێکی تەندروست و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ئەندامەکانی ناو خودی هەر خێزانێك. هەمو دایکێك لە دوای لەدایك بونی منداڵەکەی تاکو ماوەی سێ مانگ هەر سەردانی بەشی چاودێری ( نێوڤۆڵە) دەکات، هەروەها منداڵ لە دوای لەدایك بونیەوە تاکو تەمەنی چون بۆ قوتابخانە.
لە کاتی نەخۆشیدا نابێت سەردانی بەشی چاودێری دایکان و منداڵان ( نێوڤۆڵە) بکەیت، بەڵکو دەبێت سەردانی بنکەی تەندروستی سەر بە ناوچەکەی خۆت بکەیت.

## کاری مەڵبەندەکانی چاودێری دایکان( نێوڤۆڵەی دایکان)


وێنەکان: ساننی(TAMK)

بە گشتی کاتێك دایکی سك پڕ( دوگیان) پەیوەندی دەکات بە مەڵبەندی چاودێری دایکانەوە( نێوڤۆڵە)، کە تەمەنی سکەکەی( ٥- ٧) هەفتە بێت.
یەکەم پشکنینی تەندروستی کە پەرستار ئەنجامی دەدات بۆ دایکەکە لە هەفتەی( ٨-١٠) ی سك پڕی دا دەبێت. لە دوای ئەمە دایکی دوگیان نزیکەی هەر مانگی جارێك سەردانی بەشی چاودێری دایکان( نێوڤۆڵە) دەکات تاکو هەفتەی سی هەم (٣٠) ی سك پڕی کە دوای ئەوەش سەردانەکان دەبێت بە ماوەی دو هەفتە جارێك.
لە مانگی کۆتایی سك پڕی دا هەفتەی جارێك سەردانی بەشی چاودێری دایکان( نێوڤۆڵە) دەکرێت.

Ennaltaehkäisevä terveydenhuolto
äitiys- ja lastenneuvolassa
Kurdi

TAMPERE



وێنەکان: سانني  وێکمان / تامك(TAMK)

# کاری خۆپاراستن و بەرگرتن لە نەخۆشیەکان لە مەڵبەندەکانی چاودێری دایکان و مندالان(نێوڤۆڵە)

---

کۆمەك کردن بە پڕۆسەی نیشتەجێ بونی کۆچبەران لە بواری خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی تایبەت بە
منداڵان و گەنجان-
پڕۆژەی( ماکۆ)(MAKO).